د. زاهیر سوران
پسپۆری نەخۆشییە درمەکان
پسپۆری پزیشکی گشتی
ستۆکهۆڵم

# دوو ئاگاداری گرنگ بۆ دانیشتوان !!

## ئازارشکێنەکان لە پشتی کوتوپڕ مردنی دڵەوەن !!!

ماوەیەك لەمەو بەر توێژیاران ئاماژەیان بەو راستییە کرد کە دەرمانی ڤیيۆکس(VIOXX)  کە وەك ئازارشکێنی جومگە بەکاردەهێنرا دەبێتە هۆی جەڵتەی دڵ پاشتر لە بازاڕەکانی جیهاندا کۆکرایەوە .
تا چەند رۆژێك لەمەوبەر وا دەزانرا کە (diclophenac) وەك ئازارشکێن بەکاردەهێنرا دەبێتە هۆی گیروگرفت بۆ گەدە و بریندارکردنی وەلیٛ لە مانگی سەپتەمبەر دوو توێژیاری ئەوسترالیایی بە نێوی (Patricia McGetting & David Henry)  ئەنجامی توێژینەوەیەکی فراوانیان نارد بۆ گۆڤاری JAMA ی ئەمێریکایی بۆ بلاوکردنەوە . ئەوەی جێی سەرنجە ئەنجامی توێژینەوەکان ئەوەندە سەرنج راکێشن پێش ئەوەی گۆڤارەکە بلاوی بکاتەوە لە سایتەکەی خۆیاندا بلاویانکردەوە . توێژینەوەکە 376 هەزار نەخۆشی لە خۆگرتووە و لە گەڵ 600 هەزاردا بەراورد کراوە کە ئازارشکێنیان نەخواردووە .











بە پێی توێژینەوەکە ئەوانەی کە ئازارشکێنیان خواردووەو کە ماددەی (diclophenac) ی تیادابووە ، واتە  (Arthrotec, Arthrotex forte, Diclophenac, Eeze, Voltaren) زێدەتر تووشی گیروگرفتی دلۆبۆریەکانی خوێن ، جەڵتەی دڵ و جەڵتەی مێشك بوون .
بەڕای ئەوان باشتر وایە ئەو دەرمانانەی کە  لە پێهاتوویاندا  (diclophenac) ی تێدایە بە رێژەیەکی کەم و بۆ ماوەیەکی کورت بەکاربهێنرێت دەنا زۆر کوشندەیە و دەبێتە هۆی مردنی کوتوپڕ .
ئەوەی شایانی باسە ڤۆڵتارین بە هەموو شێوەکانییەوە لە دنیادا بە رەچەتە دەفرۆشرێت وەلیٛ لە دەرمانخانەکانی کوردستاندا وەك هەموو دەرمانەکانی دی بیٛ رەچەتەی پزیشك دەفرۆشرێت و وەك ئازارشکێن و دژی سووریوونەوەی جومگەکان بەکاردەهێنرێت .
تکاو داوامان لە بەرپرسانی وەزارەتی تەندروستی ، پزیشکانی کوردستان و خاوەنی دەرمانخانەکان ئەوەیە هاولاتیان ئاگاداربکەنەوە بۆئەوەی زێدەخۆری نەکەن و هاوکات بەردەوام ئەو دەرمانانەی سەرەوە بەکارنەهێنن .

# تكايه منداڵەكانتان دژی نەخۆشی دەردەباریكه بكوتن !!

نەخۆشی دەردەباریكه واته (سیل) یەكێكه لەو نەخۆشییه درمانەی لە ڕێگای هەواوە دەگوێزرێتەوە و لە هەموو دنیادا بڵاوە . هەرچەندە كوتانی (BCG) كە بە مەبەستی خۆپاراستن لە نەخۆشییەكە لە دنیادا بەكاردەهێنرێت زۆر بەسوودە وەلیٚ لە هەندێك وڵاتدا تا ئەمڕۆ بەهۆی كەمتەرخەمی دایكوباوكانەوە ، هەژاری ، نەخوێندەواری و نەبوونی هۆشیاری تەندروستی دانیشتوانی هەندێك وڵات بگرە كوردستانیشەوە بۆتە گیروگرفتێكی گەورە .



لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەك لە كوردانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان بە هۆی نەخوێندەواری و وەلاخستنی باری تەندروستی لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە ژمارەیەكی بەرچاو تووشی نەخۆشییەكە بوون .
ئەوەی ئەم ڕاستییەش دەسەلمێنێت ژمارەیەكی بەرچاو لەو پەنابەرە كوردانە و ئێرانیانەی هاتوونە سویدەوە هەڵگری بەكتریای دەردەباریكه بوون و ساڵانێك هەڵگری بەكتریاكەبوون و نەیان زانیوە چ نەخۆشییەكیانە .
مەبەستی سەرەكی لەم چەند دێرە دەنگكۆی بڵاوبوونەوەی جۆرێك بەكتریای نەخۆشی دەردەباریكەیە كە دژی دەرمان خۆراگرە ، واتە دەرمانەكە هیچ كاری تێناكات ئەمیش ناسراوە بە (XDR-TB) واتە (Extrem Drug Resistant Tuberkolos)
ئەم جۆرە بەكتریاییە ئەمڕۆ لە (باشوری ئەفریقا) بڵاوبۆتە ، بەرپرسانی تەندروستی لە جوهانسبۆرگ پێیان وایە كە پاش ڤایرۆسی HIV كە دەبێتە هۆی نەخۆشی ئەیدز ئەم بەكتریاییە دووهەمین مەترسی گەورەی دانیشتوانە لەبەرئەوەی لەماوەی 3 هەفتەدا 25 كەسی كوشتووە .
بەرپرسانی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی یش لە ئاست ڕێگەگرتن لە بڵاونەبوونەوەی بەكتریاكەدا بیٚ دەستەڵاتن ، نیگەرانن لە بارودۆخەكە ومەترسی بڵاوبونەوەی بەكتریاكەیان هەیە .
پرۆفیسۆر Willem Strum كە لە ئینستیتوتی توێژینەوەی نیلسۆن ماندێلا كاردەكات دەبێژێت باشترین خۆپاراستن بریتییە لە ماسك (دەمامك) كردنە بۆ ئەوەی لە دەم و كونە لووتەكانە بەكتریاكە نەچێتە نێو لەشەوە .
لە پێناوی پاراستنی نەوەكانی دوا ڕۆژمان بۆ ئەوەی تووشی ئەم نەخۆشییە نەبن داواكارین هەمووان منداڵەكانیان لە كاتی خۆی دا بكوتن .